ئێران بەتوندی وەڵامی هەڕەشەکانی ترەمپ دەداتەوە: ئاگاداری سەربازەکانتان بن

عەلی لاریجانی، سکرتێری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی ئێران دەستبەجێ وەڵامی هەڕەشەکانی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکای دایەوە و ڕایگەیاند، دەستوەردانی ئەمریکا لە دژی ئێران یەکسانە بە تێکچونی دژی ناوچەکە، دەشێت، "ئاگاداری سەربازەکانتان بن".
عەلی لاریجانی، سکرتێری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی ئێران وەڵامی پەیامەکەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا سبارەت بە دەستوەردان لە ناڕازایەتییەکانی ئێران دایەوە و ڕایگەیاند، "بە لەدوانەکانی ترەمپ و بەرپرسانی ئیسرائیل، ئەجێندا شاراوەکانی پشت پەردەکان ڕون بوەتەوە".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "ترەمپ دەبێت درک بەوە بکات کە دەستوەردان لە بابەتێکی ناوخۆی ئێران دەبێتە هۆی ناسەقامگیری ناوچەکە و تێکدانی بەرژەوەندییەکانی واشنتن، ئەمە جیاوازی دەکەین لە نێوان داخوازییە ڕەواکانی خەپیشاندەران و کەسانی تێکدەر".

لاریجانی دەڵێت، "پێویستە گەلی ئەمریکا بزانێت کە ترەمپ ئەو سەرکەشییەی دەستپێکردوە، پێویستە ئاگاداری سەربازەکانیان بن".